# ڕۆڵی دەستەبژێری سیاسی لە گەشەپێدانی کۆمەڵگا
## توێژینەوەیەکی تیۆرییە لە هەرێمی کوردستان

**ID No.3887**

(PP 127 - 140)

https://doi.org/10.21271/zjhs.25.4.8

**توانا عثمان محمدأمين**

بەشی کۆمەڵناسی- کۆلێژی ئاداب/ زانکۆی سەلاحەدین-اربیل

Twana.Mohamedamen@Su.edu.krd

**وەگـــــرتن : 2021/01/13**

**پەسندکردن : 2021/05/24**

**بڵاوكردنەوە : 2021/08/15**

**پوختە**

دەستەبژێری سیاسی، ئەو توێژەی کۆمەڵگان کە پێگەیەیکی بەهێزیان هەیە لە سیستەمی سیاسی لە کۆمەڵگادا؛ بەمەش ڕۆڵێکی کاریگەریان هەیە لە پرۆسەی گۆرانی کۆمەڵایەتی بە شێوازێکی ئەرێنی یاخود نەرێنی؛ لەکۆی ئەو گۆرانکارییانەش پرۆسەی گەشەپێدانی کۆمەڵایەتییە. ئەم توێژینەوەیە(ڕۆڵی دەستەبژێری سیاسی لە گەشەپێدانی کۆمەڵگا)، توێژینەوەیەکی وەسفی شیکارییە، بەمەبەستی زانینی ڕۆڵ و کاریگەری دەستەبژێری سیاسییە لە پرۆسەی گەشەپێدانی کۆمەڵگا. تویژینەوەکە لە پێشەکی و سی بەش و کۆتایی پێکدێت؛ هەر بەشێك لە چەند باسێك پێکهاتووە. لە بەشی یەکەمدا، کە ناونیشانی ڕەهەندەکانی توێژینەوەکە و دیاریکردنی چەمکەکانە، لە باسی یەکەمدا، کیشە و گرنگی و ئامانجەکانی توێژینەوە خراونەتەروو. لە باسی دووەمدا، چەمکە سەرەکییەکانی توێژینەوەکە خراونەتە ڕوو وەك (دەستەبژیر، دەستەبژێری سیاسی، گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی. لەکاتێکدا لەبەشی دووەم، تویژینەوەکە باسی ئاراستە هزرییەکان و جۆر و تیۆری دەستەبژێر لە سێباسدا ڕونکراونەتەوە؛باسی یەکەم، بۆ شیکردنەوەی ئاراستە هزرییەکان سەبارەت بە دەستەبژێر و دەستەبژێری سیاسی. لە باسی دووەمدا جۆرەکانی دەستەبژیر لە کۆمەڵگادا باس کراوە. باسی سێیەم تایبەتکراوە بە تیۆرەکانی دەستەبژێر. لەبەشی سێیەم و کۆتایی، تایبەتە بە شیکردنەوەی پەیوەندی نێوان دەستەبژێر و گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی لە ڕێگای دووباسەوە؛ یەکەم، بۆ شیکردنەوەی ڕۆڵ و کاریگەری دەستەبژێری سیاسی لە پرۆسەی گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی. باسی دووەم، بۆ ڕوونکردنەوەی دەستەبژێری سیاسی لە کۆمەڵگای کوردی. لەکۆتاییدا، توێژینەوەکە گەیشتووە بە چەند ئەنجامێك گرنگترینیان ئەوەیە، دەستەبژێری سیاسی ڕۆڵێکی کاریگەریان هەیە لە پرۆسەی گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی لەریگای ڕۆڵبینینیان لە دامەزراوەکانی ولات و دەروە لە چوارچێوەی کۆمەڵگای خۆیاندا، بەجۆرێك بە بزوێنەری سەرەکی دادەنرێن لە بەرێوەبردنی سیستەمی سیاسی و بزاوتی هێزە سیاسیە جۆراوجۆرەکانی ناو کۆمەڵگا.

**ووشە کلیلەکان:** دەستەبژێر، دەستەبژێری سیاسی، گەشەپێدان، کۆمەڵگا، ڕۆڵ، ململانێ.

### پێشەکی:

گرنگیدان بە بابەتی دەستەبژێران، تەنها سەلماندنی بوونی ئەم توێژە نییە لە نیو ئەندامانی کۆمەڵگادا، بەڵکو زیاتر گرنگی ئەم بابەتە، خستنەرووی ئەو کاریگەریی و ڕۆڵە بەرچاوەیە کە ئەم توێژەی کۆمەڵگا دەتوانن پێیهەڵبستن، لە ئاراستەکردنی کۆمەلگاکانیان.

لەم ڕوانگەیەوە، دەستەبژیران لە کۆمەڵگای مرۆییدا رولێکی گرنگ و کاریگەریان هەیە لە پرۆسەی گەشەپیدانی کومەلایەتی، بەمەش بەرپرسیاریەتییەکی گەورەیان دەکەویتە ئەستو سەبارەت بەو هۆکارانەی دەبنە هۆی پیشکەوتن یاخود دواکەوتنی کۆمەڵگا. بۆیە پێویستە ئاستی هۆشیاری ئەم گروپە کۆمەڵایەتییە، هاوتابێت لەگەڵ پێگەی سەرکردایەتییان لە کۆمەڵگادا؛ بەمەبەستی کارکردن بۆ وەدیهێنانی خواستی ئەندامانی کۆمەڵگا، لە باشترکردنی گوزەران و بەرزکردنەوەی ئاستی ژیانیان؛ یاخود کارکردنە بۆ بونیاتنانی دەستەبژێری نوێ ، بەمەبەستی ئامادەکردنیان بۆ ڕۆڵی سەرکردایەتی لە کۆمەڵگادا. چونکە یەکیك لە ئەرکە سەرەکییەکانی توێژی دەستەبژێران بریتتیە لە بەشداریکردنیان لە پرۆسەی گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی.

ئەم پرۆسەیەش(گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی)، پرۆسەیەکی فرە ڕەهەندە و پێویستی بە هۆکار و بارودۆخی گونجاو هەیە، هاوتەریب لەگەڵ تیکۆشان و کاری سەخت بۆ تێپەراندنی ئەو لەمپەرانەی دێنە ریگای. لەرووی ڕۆشنبیری و ئابوری و کۆمەڵایەتی و

زانستییەوە. یەکێك لە گرنگترین قوناغەکانی گەشەپێدانی کۆمەڵگا لەڕێگای بڵاوکردنەوەی هوشیارییە لە نێو ئەندامانی کۆمەڵگادا، کە توێژی دەستەبژێر و بەتایبەتیش دەستەبژێری سیاسی لەم لایەنەوە دەتوانیت رۆڵێکی بەرچاو بگێرێت.

لە کۆتاییدا توێژەرە بەهیوای ئەوەیە کە بەم کارە خزمەتێکی بچوکی پێشکەش بە بواری زانستی لە کوردستان کردبێت، بۆ زیاتر روونکردنەوەی دۆخی کۆمەڵگا، بەهیوای ئەوەی توێژینەوەکە بەشداربێت لە چارەسەرکردنی بەشیك لە گرفتەکانی کۆمەڵگا.

**1- ڕەهەندەکانی توێژینەوەکە و دیاریکردنی چەمکەکان:**

**دەستپێك** :-

لەم بەشەدا کە بە رەهەندەکانی تویژینەوەکە و دیاریکردنی چەمکەکان ناسراوە، لە دوو باس پێکهاتووە، لە باسی یەکەمدا واتا ڕەهەندەکانی تویژینەوەکە، باس لە کێشە و گرنگی و ئامانجی توێژینەوەکە دەکرێت؛ خودی چەمکی رەهەند بەمانای دووری دێت، بەڵام لێرەدا زیاتر بەمانای مەیدان و مەودای توێژینەوەکە بەکارهاتووە. سەبارەت بە باسی دووەم، واتا دیاریکردنی چەمکەکان، ئەو چەمکانە دەگرێتەوە کە ناونیشانی تویژینەوەکە پێکدەهێنن؛ لەم باسەدا چەمکەکان بەجیا دیاری دەکرێن و بەوردی پێناسەیان بۆ دەکرێت.

**1-1- ڕەهەندەکانی توێژینەوەکە :-**

**1-1-1-کێشەی توێژینەوە:-**

گرفتی ئەم تویژینەوەیە بریتییە لە دەرخستن و ڕوونکردنەوەی کاریگەرییەکانی دەستە بژێری سیاسی لە سەر کۆمەڵگا، واتا لەم توێژینەوەیەدا، دەمانەوێت ئەوە دەربخەین کە چینی دەستەبژێری سیاسی تاچەند ڕۆڵ و کاریگەرییان هەیە لەسەر کۆمەڵگا بەگشتی لە ڕووی ئاراستەکردن و بەڕێوەبردن و کاریگەری خستنە سەر ئەندامانی تری کۆمەڵگا.

**1-1-2- ئامانجی توێژینەوە :-**

ئامانجەکانی ئەم توێژینەوەیە لە شێوەی چەند خاڵێکدا دەخەینە ڕوو:

١- خستنەڕووی ڕۆڵی دەستەبژێری سیاسی لە ئاراستەکردنی کۆمەڵگا.

٢- شیکردنەوەی تایبەتمەندی و خەسڵەتەکانی دەستەبژێری سیاسی.

٣- ڕوونکردنەوەی کاریگەرییەکانی ئەم توێژەی کۆمەڵگا بەسەر ئەندامانی کۆمەڵگاوە.

1-1-3- **گرنگی توێژینەوە :-**

هەموو توێژینەوەیەکی زانستی گرنگییەکەی لە دوو لایەندا بەدەردەکەون، یەکەم لایەنی تیۆری، دووەم لایەنی پراکتیکی(مەیدانی). لەڕووی تێورییەوە، توێژینەوەی زانستی دەبێتە هۆی زیادبوون و کەڵەکەبونی مەعریفەی زانستی لەو بوارانەی توێژینەوەی تێدا ئەنجام دەدرێت. سەبارەت بەم توێژینەوەیە، هەوڵدەدرێت کاریگەری و ڕۆڵی توێژی دەستەبژێرانی سیاسی بخرێتە ڕوو؛ ئەمەش لەڕووی زانینی خەسڵەت و تایبەتمەندی و سیما دیارەکانی ئەم توێژە دەبێت، کەدواجار ڕەنگە ببێتە هۆکارێك بۆ داڕشتنی پێناسە و گریمانەی زانستی و تێوری نوی، سەبارەت بە دەستەبژێر و ڕۆڵی ئەم گروپە لە کۆمەڵگادا. دووەم لە لایەنی پراکتیکییەوە، دەکرێت ئەو پێشنیاز و راسپاردانەی توێژینەوە زانستییەکان پێی دەگەن، وەکو میکانیزمێکی گونجاو بەکاربهێنرێت بۆ بەرنامەی کاری دامەزراوە پەیوەندیدارەکانی حکومەت. لەم توێژینەوەیەشدا، دەکرێت سوود لە دەرەنجامەکانی وەربگیرێت بۆ بەهێزترکردنی پەیوەندی نێوان دەستەبژێرانی سیاسی و ئەندامانی کۆمەڵگا و هەوڵدان بۆ بونیاتنانی دەستە بژێری چاکساز و کارا و شارەزا لە نێو ئەندامانی کۆمەڵگا؛ بەمەش دواجار کار و چالاکییەکانی ئەم چینەی کۆمەڵگا، بە سوودی گشتی کۆتایی بێت بۆ زیاتر گەشەپێدانی کۆمەڵگا.

**1-1-4- میتۆدی توێژینەوە: (Research Method)**

میتۆدی دەستنیشانکراو بۆ ئەم تویژینەوەیە بریتییە لە میتۆدی وەسفی شیکاریی، چونکە شێوازێکی گونجاوە بۆ ئەم تویژینەوەیە، لەڕێگای زانین و تیگەیشتن لە پێناسەی چەمك و کۆکردنەوەی زانیاری لەسەر بابەتی دەستەبژێری سیاسی و گەشەپێدانی کۆمەڵگا، هەروەها شیکردنەوەی ماهییەتی هەریەك لەم بابەتانە.

**2-1- دیاریکردنی چەمکەکانی توێژینەوە:-**

هەریەك لە زاراوە و چەمکەکانی(دەستە بژێر، دەستەبژێری سیاسی، گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی) بەم شێوەیە خراونەتە ڕوو.

**1- دەستەبژێر: (Elites)**

لەسەدەی حەڤدەی زایینی دا وشەی بژاردە"elite" بۆ پیاهەڵدانی کەلوپەلی باش و بەرهەمهێن بەکاردەبرا، پاشان هەر ئەو وشەیە بۆ گروپە کۆمەڵایەتییە باڵاکانی وەك، ئەفسەرە پلە بالاکانی سوپا، یاخود خاوەن پلەوپایە بەرزەکانی ئەرستۆکراتی بەکاردەهێنرا. بەپێی فەرهەنگی (Oxford English Dictionary)، یەکەم جار وشەی بژاردە لەزمانی ئینگلیزی دا لەساڵی (1823)، بۆ ئاماژەدان بە گرووپە کۆمەڵایەتییەکان کەڵکی لێوەرگیراوە.(باتمور 2008، ص.5)

دەستەبژێران، بریتیین لە کۆمەڵێك یاخود دەستەبژێرێك لە تاکەکان کە دان بە لێهاتوویی و هێزیاندانراوە لە کاریگەری و کۆنترۆڵکردنی کاروبارەکانی کۆمەڵگا، یەکەمین ئەو بیرمەندانەی لەسەر بە بابەتی دەستەبژێر و کەمینەی دەسەڵاتدار نوسیویانە زانایانی وەك (پاریتۆ، مۆسکا، میشێل)ە، کە پێیانوایە دەستە بژێر، بریتییە لە چینی دەسەڵاتدار، پێکهاتوون لە کەمینەیەك لە ئەندامانی کۆمەڵگا؛ ئەم چینەش بە پێوەری هێز و دەسەڵات، دەتوانرێت جیابکرینەوە لە چینی دەسەڵات بەسەرداکراو؛ بەجۆرێك کە خاوەنی هێز و دەسەڵات و کاریگەرین، دەسەڵاتێك کە زۆر زیاترە لە هێز و دەسەڵاتەی کە چینی دەسەڵات بەسەرداکراو هەیانە لە کۆمەڵگادا.(میشیل 1980، ص.117)

ئەمانە(دەستەبژێر)، لە ناوەندێکی بەهێز و دەست ڕۆیشتوو بەسەر کۆمەڵگایەکی دیاریکراودا کار دەکەن، بەدیاریکراویش بۆ ئاماژە پێدانە بۆ ئەو دەسەڵاتەی لەلایەن ئەم گروپەوە پیادە دەکرێت، بەتایبەتی کەمینەیەکی دەسەڵاتدار لە بواریکی دیاریکراودا. بەمەش دەستە بژێر بە بەهێزترین گروپ دادەنرێن لەڕووی هەژموون و کاریگەرییەوە لەسەر کۆمەڵگا.(غیث 1979، ص.154)

س. رایت میڵز لە(1956)دا بەرهەمێکی بڵاوکردەوە بەناوی بژاردەکانی دەسەڵات، هەوڵیداوە وێنای ئەوە بکات، چۆن ئەمریکا لەژێر چەتری دەسەڵاتی چینێکی بچووك لە ڕامیاران و بازرگانان و خاوەن پیشەسازییە گەورەکاندایە. ئەم بەرهەمەی(میلز) درێژەی هەمان باسی بژاردەکانی ڕامیاری(پاریتۆیە). بە بۆچونی(میلز) لە کۆمەڵگایەکی گەورەی وەکو ئەمریکادا، ئەندامانی چینێکی بچووك زۆرینەی پلەو پایە گرنگە کۆمەڵایەتییەکانیان داگیرکردووە؛ بەهۆی ئاخێزگەی کۆمەڵایەتی هاوبەش، پەیوەندی تاکەکەسی و بنەماڵەییەوە، پێکەوە پەیوەندییەکی بەهێزیان هەیە.(ئامێدیان ٢٠١٣، ل.٦٨)

لەبەر ڕۆشنایی ئەم پێناسانە، دتوانین پێناسەیەکی کارڕایی، بۆ چەمکی دەستەبژێر بکەین بە جۆرێك گونجاو بێت لەگەڵ ئەم توێژینەوەیە و ئامانجەکانیدا. دەستەبژێر بریتییە لە توێژێك یان چەند گروپێکی کۆمەڵایەتی، پێگەیەکی کۆمەڵایەتی بەرزیان هەیە، لەڕێگای توانا و لێهاتویی خودی، یاخود بەهۆی خێزان و بنەماڵەکانیان، بەمەش کاریگەرییەکی زۆریان هەیە لە ئاراستە کردنی ئەندامانی کۆمەڵگاکەیان و ڕۆڵێکی بەرچاو دەگێڕن لە پرۆسەی گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی لەسەر ئاستی کۆمەڵگا.

**2- دەستەبژێری سیاسی : (Political elites)**

پرۆفیسۆری ئیتاڵی(ڕۆبەرتۆ میتشێل) لە پەرتوکەکەیدا بەناوی(پارتە سیاسییەکان) باس لەوە دەکات، زۆرجار کەمینە بەسەر ڕێکخراوی کۆمەڵایەتییدا زاڵ دەبێت و بەڕێوەی دەبات، جا ئەوڕێکخراوە هەرجۆرێك بێت یان ئەرکەکەی هەرچییەك بێت. بەڕای ئەو، دەستەبژێری سیاسی، ئەو کۆمەڵە کەسانەن کە بەسەر چەند ڕێکخراوێکی کۆمەڵایەتی دیاریکراودا زاڵ دەبن؛ وەك پارتە سیاسییەکان. (ئەلحەسەن 2012، ل.242)

دەستەبژێری سیاسی بەوە جیادەکرینەوە، لە ڕووی کاریگەرییەوە جیاوازن بەپێی ئەو هێز و دەسەڵاتەی لەبەردەستیاندایە؛ پێکدین لە گەورە پیاوانی دەوڵەت لە حکومەتدا، لە دەزگاکانی جێبەجێکاری و پەرلەمانی و دادوەریدا، بەشێوەی پلەداری پۆلێن دەکرین، وەك سەرکردەی پارتەکان و کادێرە پێشکەوتووەکانی ڕێکخراوە سیاسیەکان لە ناوخۆی ولاتدا...هتد.(محمد 2013، ص.19)

ئەم کەسانە، بەشیوەیەکی گشتی پێگەیەکی بەرزیان هەیە لە کۆمەڵگادا؛ بە جۆرێك مومارەسەی دەسەڵات دەکەن و کاریگەری سیاسیان هەیە و بەشدارن لەو ململانیانەی بۆ مەبەستی بەدەستهێنانی پێگەی سەرکردایەتیکردن دروست دەبن. ئەم چینەش ئەندامە پلە باڵاکانی بواری کارگێری و بەڕێوەبەران و سەرکردەی پارتەکان دەگرێتەوە.(بعطوش و دهكال 2017، ص.16)

دەستە بژێری سیاسی، هەموو ئەندامانی پارتە سیاسییەکان ناگرێتەوە، زیاتر ئەو چینە لە سیاسەتمەداران دەگریتەوە کە ڕۆڵیان هەیە لە پرۆسەی دروستکردنی بڕیارەکان؛ واتا ئەو کەسانەی کە پێگە و ناوەندێکی گرنگیان داگیر کردووە لە سیستەمی سیاسیدا.(البطش 2016، ص.62)

(ئەرستۆ)، لە باسی چینی ئەرستۆکراتیدا، کاتێك باس لە بابەتە سیاسییەکان دەکات، بەتایبەتی بابەتی سروشتی حکومەت و شێواز و جۆرەکانییەوە لە رووی تێروانین بۆ سوودی گشتی، ئاماژە بەوە دەکات؛ ئەو حکومەتانەی کە لەلایەن کەمینەیەکی ئەرستۆکراتییەوە بەرێوە دەبرێن، بە باش دەزانیت؛ بە لەبەرچاوگرتنی ئەستەمی بوونی سەرکردەیەکی لێهاتوو، لەکاتێکدا(ئەرستۆ)، بونی کەسێکی بەهێز لە هەرەمی دەسەلاتدا بی باش دەزانیت، بەڵام پێی وایە ئەم بابەتە لە واقیعدا زۆر ئەستەمە جێبەجێ بکرێت؛ بەمەش سەرکردە و سەرۆك پێویستی بە دەستەیەکی دەستەبژێرانە بۆ پێدانی شارەزایی و توانای گونجاو و ڕاوێژپێ کردنیان، لە ئیدارەدانی کاروبارە سیاسییەکان و بەڕێوەبردنی وڵاتدا. (برایم 2007، ص.40)

لەدەرەنجامی پیناسەی بیرمەندان و توێژەرەن، گەیشتین بە پیناسەیەکی کارایی بۆ توێژینەوەکەمان، دەستەبژێری سیاسی، ئەو گروپەن لە کۆمەڵگادا، لەبواری سیاسیدا کاردەکەن. پۆست و پلە سیاسییەکانیان لەکۆمەڵگا بەدەستەوە گرتووە، وەك بەرپرسە باڵاکانی پارتە سیاسییەکان، فەرمانبەرە پلە بالاکانی حکومەت(وەزیر و  پەرلەمانتارەکان...هتد)، بەمەش توانیویانە دەستبگرن بەسەر جومگە هەستیار و گرنگەکانی ئەو کۆمەڵگایەی کە تیایدا دەژین، بەپێی ئەو هێز و دەسەڵاتە کە پۆستە حکومی و سیاسییەکان بۆیان فەراهەم کردون. ڕۆڵێکی بەرچاویان هەیە لە پرۆسەی گەشەپیدانی کۆمەڵایەتیدا.

**3- گەشەپێدانی کۆمەڵگا: (Social Development)**

ئاشکرایە ئەو پێناسانەی بۆ گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی داڕێژراون جیاواز و جۆراو جۆرن، چونکە هەر پێناسەیەك لەم پێناسانە، جەخت لەسەر لایەنێك لە لایەنەکانی گەشەکردنی تاك و گروپ و کۆمەڵگا دەکەنەوە. هەندێك لەبیرمەندان پیناسەی گەشەکردنی کۆمەڵایەتی دەکەن، بەوەی کۆمەڵە هەوڵێکی زانستین بۆ ڕێکخستنی چالاکییە حکومی و میللییەکان، لە گشت ئاستە جۆربەجۆرەکاندا بەمەبەستی سازکردنی ئەو سامانانەی هەن بەپێی پلانێکی داڕێژراو، بەمەبەستی هێنانەدی خۆشگوزەرانی بۆ تاك و کۆمەڵگا. (ئەلحەسەن 2012، ل.476)

کۆمەڵناسی، توێژینەوە دەکات سەبارەت بە چەندێتی و چۆنێتی، گەشەی کۆمەڵایەتی-کولتوری کۆمەڵگا مرۆڤایەتییەکان. لەم ڕووەوە دەکرێت بە پرۆسەی سوود وەرگرتن لە سروشت و باشتر بەکارهێنانی سامانە مرۆیی و سروشتییەکان، کاربکرێت بۆ گەیشتن بە ئاستیکی باشتری گوزەران. (ئامێدیان ۲۰۱۳، ل.٤٨٤)

پێناسەیەکی ڕێکخراو بۆ گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی لە ساڵی(1954)، خرایەڕوو ئەمەش لە کۆنگرەی(اشروج)لە تایلەند؛ ئاماژە بە گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی دەکات، پرۆسەیەکی ڕێکخراوە بۆ گەیشتن بە ئاستێکی باشتری ژیان لە کۆمەڵگا بەگشتی لە ڕێگای بەشدارپێکردنی کارا و چالاکی ئەندامانی کۆمەڵگا. ئەمەش واتا ئەو هەوڵانەیە کە دەدرێن بۆ ڕوودانی زنجیرەیەك لە گۆرانکاری پیشەیی و بونیادی کە پیویستن بۆ گەشەپێدانی کۆمەڵگا.(حسین 2010، ص.٣٥)

لە لایەکیترەوە گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی، ئامانجی بەهێزکردنی توانای خودی کۆمەڵگایە، جێبەجێکردنی ئامانجە ناوخۆیی و نیشتیمانییەکانە، بە شێوازی زانستی و ئەکادیمی لەلایەن کەسانی شارەزا و تایبەتمەند؛ بە لەبەرچاو گرتنی بەشداری کەرتی تایبەت، بە سەرمایە ماددی  و مرۆییەکانی، بۆ داڕشتنی بەرنامەی گەشەپێدان و جێبەجێکردنی وەڵامدەرەوەی پێداویستییە ناوخۆیی لە لایەك و بەشداریکردن لە جێبەجێکردنی ئامانجە نیشتمانییەکان لەلایەکیترەوە. (عمر 2003، ص.٢١)

گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی، ڕەهەندێکی شارستانی و کولتوری وەردەگرێت، بە جۆرێك دەکرێت بڵێین بوونی پرۆسەی گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی لە هەر کۆمەلگایەکدا بە شێوەیەکی بەرنامە بۆداڕیژراو، یەکێکە لە ئاماژە گرنگەکانی ئاستی شارستانییەتی و پیشکەوتنی ئەو کۆمەڵگایە، چونکە ئەم چەمکە پەیوەندییەکی بەهێزی هەیە بە شێوەی ژیان و ئاستی بەرزی گوزەران و لایەنی هۆشیاری تاکەکانی کۆمەڵگا.(علی 2016، ل.17)

لەکۆتایدا، دەکرێت بەسوود وەرگرتن لەم بۆچوونانەی سەرەوە، پێناسەیەکی کارایی بۆ گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی بکەین بەوەی، پرۆسەیەکی هەمەلایەنەی بەرنامە بۆ داڕێژاو و دڕێژخایەنە، کە لەلایەن دەستەبژێرانی کۆمەڵگا بەتایبەتی دەستەبژێرانی سیاسی داڕێژراوە، هەوڵدەدرێت لەڕێگای وەبەرهێنانی توانا ماددی و مەعنەوی و سروشتییەکانی کۆمەلگا، کاربکرێت بۆ هێنانەدی خۆشگوزەرانی و بەرزکردنەوەی ئاستی ژیانی ئەندامانی کۆمەڵگا بەمەبەستی پێشخستنی کۆمەڵگا لە بوارە جۆراوجۆرەکاندا.

**3-1- توێژینەوەکانی پێشوو:**

لەم بەشەدا هەوڵمانداوە چەندتوێژینەوەیەك. وەربگرین و پوختەیەك دەربارەیان بنووسین، لە ئامانج و هۆکارو گرنگی و ئەو میتۆدانەی بەکاریان هێناوە، گرنگترین ئەو دەرەنجام و ڕاسپاردانەی پێیگەیشتوون لە توێژینەوەکەدا. تاوەکو بنەمایەك دابنێین

بۆتویژینەوەکەمان و گرنگترین لێکچوون وجیاوازی بدۆزینەوە لەنێوانیان، توانیمان چەند توێژینەوەیەکمان دەست بکەوێت کەلە بابەتی توێژینەوەکەوە نزیك بێت، یان لەناوەرۆکدا لەو باسانە دوابێت کە لەبابەتی توێژینەوەکەوە نزیکن، لێرەدا دیانخەینە ڕوو:

**أ-**ئەم توێژینەوەیە بەناونیشانی(ڕۆڵی دەستەبژێری ڕۆشنبیران لە گۆڕانی کۆمەڵایەتیدا)،تێزێکە پێشکەشی ئەنجومەنی کۆلێژی ئەدەبیات زانکۆی سەلاحەدین- هەولێر کراوە، وەك بەشێك لەپێداویستیەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی ماستەر لەکۆمەڵناسی. بۆساڵی خوێندنی(2017).

توێژەر لەم توێژینەوەیەدا هەوڵی داوە چەند ئامانجێکی دەست بکەوێت، وەك زدەرخستنی بەرپرسیاریەتی و ئامادەیی دەستەبژێری رۆشنبیران لە بوارە جیاوازەکاندا بەرامبەر کیشە و گەشەسەند و گۆرانە کۆمەڵایەتییەکان، هەروەها زانینی بواری گۆرانی کۆمەڵایەتی کە لەماوەی رابردوودا لە هەرێمی کوردستاندا ڕوویانداوە لەلایەن دەستەبژێرانی رۆشنبیرییەوە، دەرخستنی رۆڵ و کاریگەری دەستەبژێری رۆشنبیران لە گۆرانی کۆمەڵایەتی و خستنەڕووی جۆری گۆرانکارییەکان بەپێی تەوەرەکانی توێژینەوەکەی. سنوری ئەم توێژینەوەیە کۆمەڵگای توێژینەوە سنووری شاری هەولێرە. لەڕووی ژمارەی نموونەی تویژینەوە(206)یەکە،(200) یەکەیان لە توێژ رۆشنبیران بەشێوەی نموونەی هەرەمەکی سادە وەرگرتووە. تویژەر گەیشتووە بەودەرەنجامانە:

1-دەستبژێرانی سەربەخۆ و هەڵقوڵاوی ناو جەماوەر وەکو توێژێکی بەتوانا و کارازۆر پێویستن لە کۆمەڵگای کوردیدا.

2- دەستەبژێری رۆشنبیران توێژێکی کەمینەن لە کوردستاندا، بەرهەمی هزری(فکری)یان هەیە و بەرهەمهینەری هۆشیارین لە کۆمەڵگادا.

3- لەپەیوەندی نێوان دەستەبژێری رۆشنبیر و دەسەلاتی سیاسیدا، بەشێك لە دەستەبژێری رۆشنبیران لەگەڵ دەستەبژیرانی سیاسی؛ کاردەکەن، کە ڕەنگدانەوەیان لە ئاراستەکردنی حزب و حکومەت هەیە.

4- دەستەبژێری رۆشنبیران لەسەرەکیترین ئەرکیاندا، بونیاتنان و بڵاوکردنەوەی هۆشیارییە رۆڵی خۆیان هەبووە لە کۆمەڵگادا.کە رەنگدانەوەی هەبووە لەسەر گۆرانکارییە کۆمەڵایەتییەکان.

**ب-** ئەم توێژینەوەیە بەناونیشانی(النخبة السياسية المحلية و مسألة التنمية)،تێزێکە پێشکەشی ئەنجومەنی کۆلێژی ماف و زانستەسیاسییەکانی زانکۆی وهران لە جەزائیر کراوە، وەك بەشێك لەپێداویستیەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی ماستەر لە زانستە سیاسییەکان. بۆساڵی خوێندنی(2013).

توێژەر لەم توێژینەوەیەدا هەوڵی داوە چەند ئامانجێکی دەست بکەوێت، وەلامی ئەو پرسانەی دەست بکەوێت سەبارەت بە داهاتووی پرۆسەی گەشەپیدان لەو ناوچەیەدا، فراونکردنی زانیارییەکان سەبارەت بە کاراکتەرە سەرەکییەکانی بواری سیاسی لە کۆمەڵگادا، سنوری ئەم توێژینەوەیە ئەنجومەنی گەلی ویلایەتی(سيدى بلعباس)ە لە ولاتی جەزائیر. میتۆدی بەکارهاتوو(میتۆدی شیکاری ناوەرۆك، میتۆدی شیکاری، میتۆدی ئاماری)بەکارهاتووە، ئامرازەکانی چاوپێکەوتنی بۆ کۆکردنەوەی زانیاری بەکارهێناوە، تویژەر گەیشتووە بەودەرەنجامانە:

1- پارتە سیاسییەکان لەسەر ئاستی ناوحۆیی هەوڵدەدەن کەسانیکی کاریگەر بخەنە ناو لیستی هەڵبژاردنەکانیانەوە، بۆ ئەوەی بونی سیاسی خۆیان جێگیر بکەن لە ویلایەتی سیدی بلعباس. بەلام رۆڵی ئەم دەستەبژێرانە لە پرۆسەی گەشەپیدانی ویلایەتەکەدا سنوردار بەپێی یاسا.

2- دەسەلاتی ناوەندی و پارتە سیاسییەکان بەشدارن لە بەرپرسیاریەتی لە جۆریەتی و ئاستی مومارەسەی سیاسی ئەندامانی ئەنجومەنی گەلی ویلایەت، لەوەی پەیوەندی بە پرۆسەی گەشەپیدانەوە هەیە.

### 2- ئاراستە هزرییەکان و جۆر و تیۆرەکانی دەستەبژێر.

**دەستپێك**:

بابەتی دەستەبژێر، وەك ڕاستییەکی بابەتی، لەلایەن بەشێك لە بیرمەندانی بواری کۆمەڵناسییەوە خراوەتە بەر باس و لێکۆڵینەوە، هەر یەکەو لە تێڕوانین و ئاراستەی هزری خۆیانەوە بە لەبەرچاوگرتنی واقعی کۆمەڵایەتی، شرۆڤە و تاوتوێیان کردووە؛ بەمەش چەندین ئاراستەی هزری سەبارەت بەم کەمینە دەسەلاتدارەی کۆمەڵگا دروستبون. لەهەمانکاتدا چەند پۆلێنبەندییەك کراوە بۆ ئەم گروپە و تێوری جۆراوجۆر بۆ لێکدانەوەی کاریگەری دەستەبژێر لە کۆمەڵگادا خراونەتە روو. لەم بەشەدا هەوڵدەدەین باسی ئاراستە هزرییەکانی دەستەبژێر بکەین؛ دواتر دەمانگەیەنیت بە دەستنیشانکردنی چەند جۆرێك لە دەستەبژێر و پاشان چەند تیۆرێك سەبارەت بەم گروپە کۆمەڵایەتییە.

**1-2- ئاراستە هزرییەكان سەبارەت بە دەستەبژێر:**

بێگومان سەرچاوە كلاسیكییەكانی بابەتی(دەستەبژێر)بریتیین لە كتێبی(عەقڵ و كۆمەڵگا)كە لەلایەن (پاریتۆ)ە نوسراوە، كتێبی(چینی دەسەڵاتدار)كە(مۆسكا)نوسیویەتی، هەروەها توێژینەوەی (میشێلز)بەناوی پارتە سیاسییەكان، دەكرێت توێژینەوەكەی (بیرنهام)كە بەناوی (شۆڕشی كارگێری)ە، بۆی زیاد بكەین، لەگەڵ كتێبی (هێزی دەستەبژێر)ی، (رایت میلز). ئەم سەرچاوە كلاسیكییانە بەوە دەناسرێنەوە كە جەختیان لەسەر ئەوە دەكردەوە كە تاچەند دەستەبژێر پەیوەستن بەیەكەوە و بەجۆرێك دەستیانگرتووە بەسەر زۆربەی كایە جیاوازەكانی كۆمەڵگادا.(بعطوش و دهكال 2017، ص.24)

دەستەبژێران جۆراوجۆر دەبن بە جۆراوجۆربونی پاشخان و بونیادی كۆمەڵایەتی و هەر كۆمەڵگایەك؛ بۆ نموونە، ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا لەژێر هەژموونی سێ جۆری دەستەبژێری بنەرەتیدا ئاراستە دەكریت ئەوانیش(دەستەبژێری سیاسی، دەستەبژێری ئابوری، دەستەبژێری سەربازین)، بەڵام یەكێتی سۆڤیەتی پێشوو لەژێر هەژموونی دەستەبژێری حزبی لەلایەك و دەستەبژێری تەكنۆكۆاتی لەلایەكیترەوە بوو. (حمداوی 2015، ص.28).

واتا رۆڵ و كاریگەری دەستەبژێران لە كۆمەڵگایەكەوە بۆ كۆمەڵگایەكیتر دەگۆڕیت، بۆنموونە ئەو كۆمەڵگایانەی لەسەر بنەمای سیستەمی سەرمایەداریی بەڕێوەدەبرێن وەك ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا، جیاوازن لەو كۆمەڵگایانەی كە پشت بە سیستەمی سۆسیالیستی دەبەستن وەك یەكیتی سۆڤیەتی پێشوو.

رۆبیرت میشیلز كاتیك بنەمای یاسای ئاسینی ئۆلیگارشی(Iron Low of Oligarchy)، خستۆتە ڕوو، پێیوایە لە هەموو ڕێكخستنیكدا پێویست بە بوونی سەركردایەتییەك دەكات بۆ ئەوەی سەركەوتووبێت و بەردەوامبیت لە مانەوەی، شێوازی ڕێكخستنی هەر ڕێكخراوێك، جۆرێك لە هێز و تایبەتمەندی بە سەركردە و دەستەبژێرانی دەدات. هەروەها ئامرازە ڕێكخراوەیی و دەروونییەكان پاڵپشتی لە هەڵوێست و پێگەی سەركردەكان دەكەن؛ میشێڵز باس لەوە دەكات كە چۆن سەرۆك و سەركردەكان(وەك دەستەبژێر)، بەتێپەربوونی كات لەگەڵ بەكارهێنانی دەسەڵاتەكانی ڕادێت، بەمەش قورس دەبێت دەست بەرداری ببێت، بەواتایەكیتر مومارەسەكردنی دەسەڵات دەبێتە هۆی گۆڕانكاری لە سایكۆلۆژییەتی كەسی سەركردە و دەستەبژیرانی سیاسی و متمانەی بەخۆی زیاتر دەكات. (فكرون 2014، ص .64)

لەكاتێكدا توێژینەوە نوییەكانی سەبارەت بە دەستەبژێر، گرنگییان بەلایەنێكی تری ئەم چینە داوە، ئەویش بریتییە لە بابەتی سەركردایەتی، بەجۆرێك كە چەند گروپێكی دەستەبژێر ململانێ دەكەن لەسەر بەدەستهێنانی هەژموون و دەسەڵات لەكۆمەڵگادا.(بعطوش و دهكال 2017، ص.24).

(پاریتۆ)، دەستەبژێری سیاسی دابەشی دوو جۆر دەكات، دەستەبژێری ڕێویەكان، دەستەبژێری شێرەكان؛ جۆری یەكەم لە بەتەمەنەكانن بە ژیری و فێڵبازی گەیشتون بە دەسەڵات. دووەمیان توێژی گەنجەكانن كە لە چینەكانی خوارەوەی كۆمەڵگان؛ هەردوو گروپی دەستەبژێر دەكەونە ململانێی یەكتر، براوەش دەستدەگرێت بەسەر دەسەڵاتدا، پاشان ئەم ململانێیە دووبارە دەبێتەوە، ئەگەر هاتوو شیوازی ململانێی نێوان توێژی دەستەبژێران لەسەر بنەمایەكی ئاشتی خوازانە و نەرمونیان بوو ئەوا سیستەمی دیموكراتی دروست دەبێت و هاوسەنگی كۆمەڵایەتی دیتەدی. بەلام گەرهاتوو ئەم ململانێیە لەسەر بنەمایەكی توندوتیژی بوو ئەوا دەبێتە هۆی جەنگ و خوێن ڕشتن و ناسەقامگیری لە كۆمەڵگادا و دواجار سیستەمێكی دیكتاتۆری دێتە ئاراوە، واتا جۆری ململانێی دەستەبژیرانی سیاسی و شێوازی گۆڕانكاری لە دەستەبژێران، كاریگەرییەكی زۆری هەیە بەسەر سیستەمی بەڕێوەبردن و گەشەپیدان و ئاراستەكردنی كۆمەڵگا؛ چونكە دەستەبژێری سیاسی چینەكانی خوارەوەی كۆمەڵگا بەرێوە دەبات یان بە لۆژیكی هێز، یاخود بە ژێری و فێڵبازی كە هەندیكجار بە(هێزی لۆژیك) دادەنرێت. (حمداوی2015، ص.33)

لەلایەكیترەوە، كۆمەلێك تایبەتمەندی هەیە كە پێویستە لە كەسێكدا بوونی هەبێت تاوەكو وەك دەستەبژێرێك هەژماربكرێت لە بوارەكەی خویدا. بەڵام ئەو ئامراز و میكانیزمانە چین كە كۆمەڵگا دەیگرێتە بەر بۆئەوەی كەسانی دەستەبژێر پێبگەیەنێت لە بوارە جیاجیاكاندا؟ یاخود خودی ئەو كەسانە چون دەتوانن بگەن بە ئاستی دەستەبژێری، لە هەموو جۆرەكانی دەستەبژیر و بەتایبەتیش دەستەبژێری سیاسی؟

بۆ وەلامی ئەم پرسیارە هەستیارە، دەكرێت بڵێین بەروونی ئەم پرسە یەكلایی نەكراوەتەوە؛ چونكە دروستبوونی دەستەبژێر پەیوەستە بە زۆر فاكتەری وەك، كات و شوین و جۆری كۆمەڵگا و بونیاد و پێكاتەی كۆمەڵایتی و هۆكارە خودی و بابەتی و ژینكەی و پێگەی كۆمەڵایەتی و ئاستی ئابووری و شیوازی پەروەردە و ...هتد.

بەڵام دەكرێت بڵێین چەند دامەزراوە لە هەندێك كۆمەڵگادا بەشیوەیەك لەشیوەكان رۆڵیان هەیە لە بونیاتنانی جۆریكی دیاریكراو لە دەستەبژیران، بۆنموونە دامەزراوە پەروەردەیی و فێركارییەكان، رۆڵیان هەیە لە بونیاتنانی دەستەبژیری رۆشنبیری و سیاسی،

پارتە سیاسییەکان، ئامرازێکن بۆ بونیاتنانی دەستەبژێری سیاسی و دەستەبژێری دەسەڵات، یانە وەرزشییەکان بۆ بونیاتنانی دەستەبژێری بواری وەرزش؛ بەڵام ناتوانین بڵێین میکانیزمێکی دیاریکراو روون هەیە، بەڵکو ئەوە دەرەجامی ململانی و گۆڕان و بزاوتە کۆمەڵایەتییەکانە، ئەمەش رەهەندێکیتری ئەم بابەتەمان بۆ روندەکاتەوەی، ئەوەیش ئاستەمی دیاریکردنی لایەنی باش و خراپی لە دەستەبژێراندا؛ بۆ ئەوەی بتوانین پێوەریکمان هەبێت بۆ پێوانەکردنی دەستەبژێری باش بە شیوەیەکی بەردەوام لەبورا جیایجاکاندا، بەتایبەتی بواری دەستەبژێری سیاسی، بۆ ئەوەی میکانیزمیکمان هەبیت بۆ بونیاتنانی دەستەبژێر و سەرکردەی لێهاتوو چاکەخواز بۆ بەرێوەبردنی وڵات؛ دواجار ببنە فاکتەرێکی ئەرێنی بۆ پرۆسەی گەشەپیدانی کۆمەڵایەتی.

بۆیە بوونی دامەزراوەی جۆراوجۆر، بۆ بونیادنانی دەستەبژێران بەگشتی و دەستەبژێری سیاسی بەتایبەتی زۆر گرنگە؛ بەتایبەتی لە قۆناغە جیاجیاکانی گەیشتن بە دەسەڵات؛ بۆ ئەوەی دواجار ئەو کەسانە بمێننەوە، کە سوودی گشتیان هەبێت و چاکە خوازبن. هەروەها سیستەمی هاوسەنگی لە دەسەڵاتی دامەزراوەکانی ولات زۆر گرنکە واتا زۆرینەی دەسەلاتەکان لە خودی کەسێکدا یان دامەزراوەیەکدا کۆنەکرێتەوە بەڵکو دابەشی سەر چەند دامەزراوەیەك بکرێت بۆئەوەی هاوسەنگی هەبێت لەنێو دەسەڵاتەکاندا.

**2-2- جۆرەکانی دەستەبژێر:**

کاتێك بەشێوەیەکی فراوان باس لە دەستەبژێر دەکەین، دەکرێت چەندین جۆری جیاواز لە دەستەبژێران دیاری بکەین، بەپێی جۆری چالاکی کۆمەڵایەتی هەریەکەیان. دەکرێت جۆرەکانی دەستەبژێر لەسەر بنەمای ئەو بوارانەی کە دەکەویتە چوارچێوەی چالاکی و هەژمونەکانیانەوە پۆلێن بکەین وەك :

1- دەستەبژێری سیاسی: ئەو گروپەن کە توانیویانە سەرچاوەکانی هێزی سیاسی ولاتێك بەدەست بهێنن. وەك سەرکردەی حزبە سیاسییەکان، سەرۆك و ئەندامانی پەرمان، وەزیرەکان و بەڕیوەبەرە پلە باڵاکان.

2- دەستەبژێری ئاینی: ئەمەش ئەو گرۆپەن کە بەپێی جیاوازی ئاینەکان شێواز و ناوەکانیان دەگۆڕێت، ئەم جۆرەی دەستەبژێر کاریگەری مەعنەوی و رۆحیان هەیە بەسەر ئەندامانی کۆمەڵگایەکی دیاریکراو بەپێی پلە و ئاستی دینداریيان.

3- دەستەبژێری هێمایی: زۆربەی جار مەبەست چینە بالاکانی کۆمەڵگان، وەك ئەو کەسانەی سەرکردایەتی ڕای گشتی دەکەن لە زۆربەی بارودۆخەکاندا، ئاراستەی رای گشتیان بەدەستەوەیە. وەك( سەروك هۆزە گەورەکان، هونەرمەندە بەناوبانکەکان...هتد)

4- دەستەبژێری رۆشنبیران: ئەمانیش وەك بیرمەند و زانایان لە بوارە جیایجاکانی ژیاندا، هەروەها دەستەبژێرانی ڕاگەیاندنیش لەم جۆرەی دەستەبژێران دادەنرێت وەك گەورە رۆژنامەنوسان و نوسەران و سەرنوسەری گۆڤارە ناودارەکان و کەناڵە ڕاگەیاندنە جۆراوجۆرەکان. (البطش2016 ،ص.58).

5- دەستەبژێری بیرۆکراتی: هەندێکجار بە دەستەبژێری تەکنۆکراتی ناودەبرێن، ئەمانەش بریتیین لە کۆمەڵێك لە بواری کارگێڕیدا؛ زۆربەیان دەرچوی زانکۆ و پەیمانگا و سەنتەرە فێرکارییە پێشکەوتووەکانن پاش ئەوەی لە ئەرکە کارگێڕییەکانی بە هۆی شارەزایی و پسپۆڕییانەوە دەگەنە پلە باڵاکانی بواری کارگێڕی.

6- دەستەبژێری پیاوانی کار: ئەو کەسانەن کە توانیویانە لەڕێگەی بازرگانی و پیشەسازییەوە پارە و سامانیکی زۆر کۆبکەنەوە، بەجۆرێك بونەتە ژمارەیەکی گرنك لە بواری دارایی و کار، ئەمانە خاوەنانی سامان و مۆڵك و کۆمپانیای زەبەلاحن، زۆرجار لە سەندیکا و کۆمەڵە تایبەتمەندەکان کۆدەبنەوە، بەیەکیك لە ترسناکترین و کاریگەرترین جۆرەکانی دەستەبژێر دەدەنرین لەسەر ئاستی سیاسەتی ناوخۆیی و نێودەوڵەتی.

7- دەستەبژێری سەربازی: ئەمانیش بریتیین لە ئەفسەرە پلەدارەکان کە لە پۆستەباڵاکانی هێزە سەربازییەکانن، بەرپرسن لە ژمارەیەکی زۆر لە هێز و شمەك و سەرباز، بەجۆرێك کە بەشدارن لە جوڵە پێکردنی هێزەکان و دەروستکردنی بڕیارە سەربازییە باڵاکان.

8- دەستەبژێری ئافرەتان(فیمینیستەکان): بەشێك لە توێژران پێیانوایە، بزوتنەوە فیمینستیەکان لەلایەن دەستەبژێرە فیمینیستەکانەوە بەڕیوەدەبرین، هەروەك دەبینرێت لە پرۆگرامی پارتە سیاسییەکاندا لەکاتی کیبڕکیی هەڵبژاردن لە زۆرێك لە ولاتانی جیهاندا، هەڵدەستن بە بەکارهینانی کارتی ئافرەتان لە هەڵبژاردنەکاندا لەڕێگەی دەستنیشانکردنی ئەو ئافرەتانەی کە رۆڵی سەرکردایەتی دەگێڕن بۆ داخوازییەکانی ئافرەتان.(علاق 2017، ص.177)

(ئورس یاجی)**،** بەیەکێك لە گرنگترین توێژەرانی سویسری دادەنرێت کە توێژینەوەیان لە بابەتی دەستەبژێر کردووە، لەسەر بنەمای سێ پۆلێن و پێوەری بنەرەتی ئەوانیش:

١- ئەو ئاراستە هزریانەی کە لەسەر بنەمای هێز و دەسەڵات دەستەبژێر دیاری دەکەن، ئەمەش لەسەر ئەو بنەمایەی کە لە نێو کۆمەڵگای مرۆییەکاندا ململانێی و بەیەکدادانی زۆر هەیە لەسەر دەسەڵات، هەرکەسێك دواجار سەرکەوتن بەدەست بهێنێت دەسەڵاتی کۆمەڵگادا وەردەگرێت؛ نموونەی ئەم ئاراستە هزرییە وەك بۆچونەکانی(روبیرت میشیلز).
٢- ئەو ئاراستە هزریانەی کە دەستەبژێر لەسەر بنەمی بەهاکان دیاریدەکەن: مۆرکێکی فەلسەفی و ئاکاری هەیە، لەڕێگای پێوەرە ئاکاری و بەهاییەکانەوە دەستەبژێران دیاری دەکات، بەواتای ئەو سیفات و تایبەتمەندییانەی کە وادەکات لە خاوەنەکانیان، توانای بەڕێوەبردنی دەسەڵات و فەرمانڕەوایەتییان هەبێت، لە نموونەی ئەم جۆرە ئاراستە هزرییەش بۆچونەکانی(ئەفلاتون و ئەرستۆیە) سەبارەت بە چینی دەسەلاتدار (دەستەبژێر)، هەروەها تیۆرە پارێزگارەکان (کۆنزێرڤاتییەکان)، لەپاش شۆڕشی فەرەنسا(١٨٧٩)دەرکەوتن، وەك رینان(Renan)، کارل مانهایم (K.Manheim).
٣- ئەو ئاراستە هزریانەی لەسەر بنەمای ئەرك و رۆڵەکان دەستەبژێران دیاری دەکەن: قوتابخانەی ئیتاڵی بە باشترین نموونەی ئەم جۆرە ئاراستەیە دەدەنرێت، وەك لە نوسینەکانی(پاریتۆ و مۆسکادا) دەبینرێت. پێیان وایە کە سیستەمی ئۆلیگارشی هەژموونیان هەیە بەسەر دەسەڵاتی زۆرینەی کۆمەڵگاکانەوە، تەنانەت لە سیستەمە دیموکراتییەکانیش، هەر پێویست دەکات دەستەبژێرێك نوێنەرایەتی دەسەڵات بکات بە شێوازێکی راستەوخۆ یان نا راستەوخۆ.( حمداوي 2015، ص.٥٣)
(بۆتمۆر)، لە کتیبە بەناوبانگەکەیدا بەناوی (دەشتەبژێر و کۆمەڵگا)، سێ جۆری لە دەستەبژیران خستۆتە ڕوو، پێی وایە کە ئەم سێ جۆرە لە چینە کۆمەڵگا بەرزبونەتەوە بۆ ئەو پلانەی کە گرنگن و کاریگەرییان هەیە بەسەر گۆرانە کۆمەڵایەتی و سیاسییە گەورەکان بەتایبەتی لە سەدەی بیستەم، ئەم سێ چینەش بریتن لە(بیرمەندان، بەڕێوەبەرانی پیشەسازی، گەورە فەرمانبەرانی حکومەت)، هەروەها بۆتمۆر لە کتێبەکەیدا ئاماژەی بەوە کردووە کە ئەم دەستەبژێرانە میراتگری پیشەی چینە دەسەڵاتدارەکانی پێش خۆیانن، هەروەها فاکتەری کاریگەرن لە بونیاتنانی پێکهاتە و شێوازە کۆمەڵایەتییە نویکان.(علاق 2017، ص.177).
لە توێژینەوەی (سوزان کلیر)، لەساڵی (1963)، بڵاوکراوەتەوە، تیایدا باس لە بونی دەستەبژێری ستراتیژی دەکات لە بوارە جۆراوجۆرەکانی ژیاندا؛ وەك(بورای ئابوری، رۆشنبیری، کۆمەڵگای مەدەنی...). بەڵام ئەمجۆرانەی دەستەبژێر نابنە دەستەبژێری سیاسی تاوەکو لەکاری سیاسیدا کارنەکەن، یاخود هەوڵبدەن بۆ کاریگەری خستنەسەر بڕیارە سیاسیەکان. نموونە کاتێك دەستەبژێری سەربازی کە خۆیاندەبیننەوە لە ئەفسەرە پلەدارە گەورەکان، کاریگەریان هەیە لە دەسەڵاتدا؛ وەك لە ولاتانی لیبیا، سودان، مۆریتانیا، زۆرێك لە وڵاتانی ئەمریکای لاتین؛ لەماوەی دەیەی شەست و حەفتاکانی سەدەی بیستەم. لەکاتێکدا ئەستەمە باس لە دەستەبژێری سەربازی بکەین لە وڵاتانی وەك بەریتانیا و یابان؛ چونکە سوپا بێلایەنە لە ململانێ سیاسیەکان. (معقافي 2011،ص.58).

لێرەدا پێویستە ئەوە رونبکەینەوە، ئەو کەسانەی وەك دەستەبژێر دیاری دەکرێن، دەبێت رۆڵ و کاریگەرییان هەبێت لە نێو کۆمەڵگا یاخود ئەو بوارەی کاری تیدا دەکەن، بۆ نموونە کاتێك باس لە دەستەبژێری رۆشنبیری دەکەین، هەموو نوسەرێك یان رۆژنامەنوسێك ناگرێتەوە بەڵکو ئەو نوسەر و رۆژنامەنوسانەی دەگرێتەوە کە لەنێو کایەی رۆشنبیریدا رۆڵی بەرچاو و کاریگەریان هەیە، یاخود مەبەست لە دەستەبژیری سەربازی هەموو ئەفسەران ناگرێتەوە کە لەبواری سەربازیدا کاردەکەن، بەڵکو زیاتر ئەو ئەفسەر و پلەدارانە دەگریتەوە کا کاریگەریان هەیە بەسەر سوپاوە و لە پێگە و پۆستی هەستیار و بەهێزن لە بواری سەربازیدا، ئەمە بۆ هەموو بوراەکانیتر دەشیت بەهەمان شیوە بێت.
لێرە باسی دەستەبژێری سیاسی کوردی بکە

**3-2- تیۆرەکانی دەستەبژێر:**

باسکردن لەو تیۆرییانەی کەوا توێژینەوە و شیکردنەوەیان بۆ دەستەبژێر کردووە، دەمانگەیەنێتە ئەو دەرەنجامەی کەوا ئاراستە و بۆچونی جیاواز بونیان هەیە لە لێکدانەوەی ئەم بابەتە. بۆ ئەم مەبەستەیش ئێمە هەوڵ دەدەین بە شێوەیەکی گشتی، تیشك بخەینە سەر چەند ئاراستەیەکی تیۆری گشتی بۆ خوێندنەوەی چەمکی دەستەبژێر.
**تیۆرییە کلاسیکییەکانی دەستەبژێر :** لەم تیۆرییەدا باس لەوە دەکرێت کە پێویستە حکوومەت لە لایەن باشترینەکانەوە بەڕێوە بچێت. فلفریدو پاریتۆ(1848-1923)، زانای کۆمەڵناسی ئیتاڵی، یەکیکە لە یەکەمین ئەو بیرمەندانەی کە بەشێوازێکی تیۆری باسی لە بابەتی دەستەبژیر کردووە. پێیوایە کە چەمکی دەستەبژێر پەیوەستە بە ئاستی جیاوازی تاکەکان لە هەر بوارێك لە بوارەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی، پاریتۆ جیاوازی لەنیوان دوو جۆری دەستەبژێردا کردووە، ئەوانیش دەستەبژیری دەسەڵاتدار، کە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ دەسەڵات بەڕێوە دەبات و دەستەبژێری نادەسەڵاتدار، کە بەهەمان شیوەی جۆری یەکەم، تایبەتمەندی و گرنگی و

لیهاتووییان هەیە بەڵام بەشدار نییە لە بەڕێوەبردنی دەسەلات لە کۆمەڵگادا. ئەم دوو توێژە لە کۆمەڵگادا، چینەکانی سەرەوەی کۆمەلگا پێکدەهینن. هەروەها پێیوایە کە ململانێیەکی بەردەوام هەیە لەنێوان دەستەبژێران و کۆی ئەندامانی کۆمەڵگا.(علاق. 2017، ص174). لەلایەکیترەوە زانای زانستی سیاسیی ئیتاڵی "گایتانۆ مۆسکا" یەکێك لە گرنگترین کتێبەکانی بەناونیشانی "توخمەکانی زانستی سیاسەت"ە کە لە ساڵی 1895 نووسراوە. گایتانۆ مۆسکا لەو بڕوایەدایە مرۆڤەکانی کۆمەڵگە سیاسییەکان لە دوو چین پێك دێت: چینی فەرمانڕەوا، چینی فەرمانڕەوایکراوان. بە شێوەیەکی گشتی، ئەم تیۆرییە جەخت لەسەر دابەشبوونی کۆمەڵگە دەکاتەوە بۆ دوو چینی سەرەکی، کە بریتین لە چینی فەرمانڕەوا و فەرمانڕەواییکراو، پێیشی وایە دەبێت دەسەڵات لە لایەن دەستەبژێرەکانی نێو کۆمەڵگەوە بەڕێوە بچێت.

(علاق, امینة. 2017، نخبة ام نخب: قراءة في مفهوم, الادوار و الاشکالیات، مجلة علوم الانسانیة و الاجتمایة, العدد 28/مارس/2017)

**تیۆرییە نوێیەکانی دەستەبژێر :** دوای کۆتایهاتنی جەنگی جیهانیی دووەم ، بیرمەندە کارتێکراوەکان بە سیستەمی فەرمانڕەوایی فاشیستی و کۆمۆنیستی، بەپێویستیانزانی پرسی دیموکراسی و دەستەبژێر، بە سوود وەرگرتن لە تیۆرییەکانی پلۆرالیزم، بخەنە ژێر خوێندنەوەی نوێوە. مۆدێلی تیۆرییەکانی پلۆرالیزم لە بنەڕەتدا "ڕیمۆن ئارۆن و ئۆنۆشتامیر" پێشکەشیان کردووە.

ئۆنۆشتامیر لە کتێبی "کۆمەڵناسیی سیاسی و خوێندنەوەی دیموکراسی"دا ئاماژە بەوە دەکات کە ململانێ لە نێوان سەرکردەکان و سیاسەتمەداران بە شێوەی ناکۆکیی ماددییە، ئەم ناکۆکییە زۆرتر لە نەبوونی نادادپەروەریی کۆمەڵایەتییەوە هاتۆتە کایەوە. بە شێوەیەکی گشتی، ئەم تیۆرییە جەخت لەسەر فرەیی، لەگەڵ بوونی ململانێ لە نێوان کاربەدەستانی نێو دەسەڵاتدا دەکاتەوە. (سەروەر حەمە، 2016).

لە گەڵ ئەوەشدا دەکرێت باس لە بۆچونی قوتابخانەی مارکسی بکەین؛ لە تیۆری مارکسیستی دا، ئەو هێزە سەرەکییەی دەبێتە هۆی گۆرانکاری لە بونیادی کۆمەلایەتیدا ململانێی نێوان چینەکانە، بەڵام لەتیۆری ئیلیتیستییەکاندا(نوخبەوی)، نموونە وەك بۆچونەکانی(پاریتۆ)، لەگەڵ ئەوەی زۆر ستایشی چەمکی خەباتی چینایەتی مارکس دەکات؛ بەڵام پێی وایە، پەیوەندی نێوان کەمایەتی رێکخراو و زۆرینەی نارێکخراو ناچالاکتر دیتەبەرچاو، بۆیە کاریگەری ئەم ململانێیە لەسەر گۆرانی بونیادی کۆمەڵایەتی کەمە. لەم سەروبەندەوە(بۆتمۆر)، پێیوایە دەستەبژێر بەشێوەیەکی بنەرەتی گوزارشت لە کۆمەڵێکی پیشەیی و وەزییفی دەکات. سەرجەم ئەو تیۆرانەی باس لە شێوازەکانی ململانی و مانەوەی گروپێك لەدەسەلاتدا دەکەن، دورن لە واقیعی کۆمەڵایەتییەوە، چونکە ئەم بابەتە زیاتر پەیوەندی بە  توانای خۆگونجاندن، زیرەکی و هۆش و توانا و لێهاتوویی زیاتری کەسانێکەوە هەیە، بەهۆیەوە دەگەنە لوتکەی کۆمەڵگا. (سەعید٢٠١٣، ل٢١.)

ئەو تێڕوانینانەی سەرەوە، ئاراستەی تیۆرین سەبارەت بە شیکردنەوەی بابەتی دەستەبژێر و لە نیویشیاندا دەستەبژێری سیاسی، نەوەك تیۆرێکی دیاریکراو؛ چونکە، خودی بابەتی دەستەبژێر، وەك جۆرێك لە تێۆر لە لایەن بەشێك لە توێژەران و بیرمەندانی زانستی کۆمەلناسی بە یەکێك لە تیۆرەکان دادەنرێت، کە زۆرجار بە دەستەواژەی(تێۆری دەستەبژێر)ناودەبرێت.

لە شیکردنەوەی ئەم تۆرانەوە بۆمان دەردەکەویت کە بیرمەندان و تویژەرانی زانستە کۆمەڵایەتییەکان لە بابەتی دەستەبژێر ئەوە دەخەنە روو کە لە واقعی ژیانی کۆمەڵگادا، جۆرێکدابەشبوون هەیە لە نێوان ئەندامانی کۆمەڵگا، لەرووی دەسەڵات و پێگە و ئاراستە کردنی کۆمەڵگا و کاریگەریخستنە سەر زۆرینە، بەڵام تیۆرە کلاسیکییەکان ئەم دابەشکردنە زۆر بەزەقی دەبینن و پێیانوایە کە کۆمەڵگا بەجۆرێك دابەشبووە کە توێژی دەستەبژێران و خەڵکی گشتی، یاخود زۆرینەی فەرمانبەسەرداکراوە، بەمەش بەشێوەیەکی بەردەوام ململانێ و پێکدادان لەنیوان ئەم دوو لایەنەدا هەیە؛ هەر بۆیە پرۆسەی گۆڕانی کۆمەلایەتی لە خودی دەستەبژێران و تەنانەت لەسەر ئاستی کۆمەڵگاش ئاستەنگی زۆری دێتەپێش. دەشیت ئەم تیۆرە کلاسیەییانە ڕەنگدانەوەی واقعی سەردەمی خۆیانبن. بەڵام تیۆرە لە تیۆرە نوێیەکانی دەستەبژێردا جۆرێك لە نەرمی و کرانەوە دەبینیین لە نێوان دەستەبژێران و ئەندامانی کۆمەڵگا، بەمەش گۆرانکاری لە توێژی دەستەبژێران بەشێوەیەکی ئاسایی دەبیت و دواجار پرۆسەی گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی ساناتر بەڕێوە دەچێت.

لە کۆمەڵگای کوردیدا، وەك زۆریك لە کۆمەڵگا ناسەقامگیرەکانیتر، تێکەڵاوییەکی ئاڵۆز لە پێکهاتەی کۆمەڵگادا بەدی دەکرێت؛ قوناغەکانی گەشەی کۆمەڵایەتی لیکتر ئالاون و سنورێکی جیاکەرەوە لە نێوانیاندا بە ئاشکرا نابینریت، هەر قوناغە خەسڵەت و سیمای بنەرەتی خۆی هەڵنەگرتووە، هۆی ئاشکرای ئەوەش بە ندە بەچۆنیەتی گەشەی ژیرخانی کۆمەڵایەتییەوە، لەگەڵ

پەیوەندیەکانی بەرهەمهێنان. گەشەی کۆمەڵایەتی لە بارودوخێکی لەباردا و لە مێژوویەکی دیاریکراودا دروست دەبێت. ئەمەش بۆتە هۆی پێکهینانی کەسایەتییەکی ناسەقامگیر، لەجیاتی کەسایەتی بەهیز و خاوەن ئیرادە.(سابیر 2005، ل.30)

بەو پێیەی کورد خاوەنی دەوڵەتی سەربەخۆی خۆی نەبووە، بەمەش هەستی خێڵەکی و ناوچەگەری و هۆز بڵاوبووە، کاتێك کوردان لە شۆرش و بەرخودانێکی بەردەوامدا بوون لەگەڵ ئەو دەوڵەتانەی ئەم بەشانەی کوردستانی بەسەردا دەبەشکراون، تێبینی دەکرێت، توێژی دەستەبژێری سیاسی کورد، زیاتر خۆیان لە نێو سەرۆك عەشیرەت و ئاغا و شیخ و دەرەبەگاندا بینیوەتەوە. کە سەرکردایەتی شۆڕش و ڕاپەڕینەکانیان دەکرد.

هەروەك(د.فائیزە)لە کتیبی (ژیانی کۆمەڵایەتی کورد)، باس لەوە دەکات کە توێژی دەسەڵاتدار(دەستەبژێری سیاسی لە کۆمەڵگای کوردیدا)لە کۆمەلگادا لە چیینی تایبەت دیاریدەکرێت کە پێچەوانەی چینی خەڵکە ڕەشۆکییەکەیە، کە پێیوایە سەرۆك هۆز و خاوەن زەوی و دەرەبەگەکان لە چوارچێوەی دەستەی میرەکان هەژماردەکرێن ئەمانە زیاتر رۆڵی توێژی دەستەبژێری سیاسی کوردیان بینیوە. چونکە ڕۆڵیان هەبوو لە سەرپەرشتیکردنی کاروباری سەربازی و سیاسی و کارگێڕی و سەرپەرشتیکردنی کاروباری جەنگ و ئاشتی و دابینکردنی ئاسایش بۆ هاوڵاتیان، سەرباری ئەوانەش کۆمەڵێك پیاو ماقوڵ و پیاوی دیاری هەبوون کە بەشیوەیەکی راستەوخۆ و ناراستەوخۆ کار و باری سیاسی و کارگێڕییان ئاراستە کردووە. (عیزەت 2014، ل.20).

شێوازەی پێکهاتەی بونیادی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگای کوردی، بۆتە هۆی ئەوەی کە تاکی کورد ئینتیما و هاو سۆزی بۆ خیڵ و عەشیرەت و ناوەچەکەی زیاتر بێت لە ئینتیمای نیشتیمانی، بە واتایەکیتر هاوبەندی و یەکانگیری کۆمەڵایەتی سنورەکەی بەرتەسك بکرێتەوە، بەمەش بۆتە هۆی ئەوەی دەسەڵاتەکان دابەشبێت لەنێوان ناوچەکانی کوردستاندا، هەربۆیە سروشتی پێکهاتنی توێژی دەستەبژێری سیاسی کوردیش زیاتر لەسەر بنەمای ناوچە و خێڵێك دیاریکراوە.

دەسەڵاتی کوردی بەدریژایی میژوو، لە هەر شوێنێك دەسەڵاتی هەبوویێت دەسەڵاتە کە لەبەرگی خێڵایەتیدا بووە، ئەم خیڵایەتییەش بووە، بوتە هۆی ئەوەی ناوی ئەو هەموو راپەرین و شۆرشانەی کورد لە میژوودا بەناوی تاکە کەسێکەوەیە، بۆ نموونە شورشی شێخ عوبیدوڵڵای نەهری، ئیبراهیم خانی دەلو، سمایل خانی شکاك، شێخ مەحموودی بەرزنجی، شیخ سەعیدی پیران، ......هتد. واتا دەستەبژێری سیاسی کوردی لەم جۆرە کەسایەتیانە پیکهاتبوون؛ خاڵی گرنگی ئەم هۆکارەش ئەوەیە بیری ناسیونالیزمی کوردی پێنەگەیبوو، لاواز بوو. (سابیر 2011، ل.61).

بەلام لەسەردەمی ئێستادا بەهۆی گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی و سیاسییەوە، توێژێ دەستەبژێری سیاسی کوردی تاراددەیەك گۆرانکاری بەسەردا هاتووە، لەگەڵ مانەوەی سەرۆك خێل و عەشیرەت وەك دەستەبژێری سیاسی کوردی، دەستەبژێری حزبی کە پلە و پۆستی باڵایان لە پارتە سیاسییەکانی کوردستاندا هەیە، دەتوانرێت بە توێژی دەستەبژێری سیاسی کوردی دابنرێن. بەمەش لەلایەکەوە لەڕووی ململانێ نیوان دەستەبژێری سیاسییە لەلایەکیترەوە لەڕووی رۆڵیان لە پرۆسەی گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی گۆرانکاری بەسەردا هاتووە.

لەلایەکیترەوە، دیاردەی ململانێی دەستە بژێری سیاسی، هۆکارێکی گرنگە بۆ ناسەقامگیری گەشەی کۆمەڵایەتی. (تۆماس گرین) پێیوایە ئەم ململانێیەی نێوان دەستەبژیری سیاسی پەیوەندیی توندوتۆڵی هەیە لەگەڵ قەیرانی ئابووریی و شکستی سەربازیی. ئەم ململانێیە، ئاماژەیەکی روونە بۆ خراپبوونی دۆخی حکومەت و کەمبوونەوەی شەرعییەتی سیستمی سیاسی لای هاووڵاتیان و نیشانەی کەم توانایی دەسەڵاتی سیاسیە.

ململانێی دەستەبژێری سیاسی، ئەگەر بەشێوازە دیموکراسییەکان بێت ئاساییە بەڵام ئەگەر ململانێکە، شێوازی نادیموکراسیانەی وەرگرت و بەرژەوەندییە کەسییەکان پاڵنەریان بوون، دوور لەبەرژەوەندی گشتیی، بەدڵنیاییەوە دەبێتە زمینەسازێکی دیار بۆ ناسەقامگیریی سیاسی؛ بەوپێیەی دواجار هەر سیستمێکی سیاسی لەلایەن دەستەبژێریکی سیاسییەوە بەرێوە دەبرێت و هەر ململانێیەکی بەردەوام، دەبێتە تەنگژەیەکی بەردەوام بو سیستمە سیاسیەکە، هەر تەنگژەیەکی بەردەوامیش، سەرەتایەکە بۆ سەرهەڵدانی ناسەقامگیریی سیاسی و کۆمەڵایەتی. (شەریف 2007، ل.66).

**3- دەستەبژێر و گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی**

بەوپێیەی توێژی دەستەبژێران و بەتایبەتیش دەستەبژێری سیاسی، زۆرترین هۆکارەکانی بەرهەمهێنان و دەسەڵات و سامانن، گرنگترین جومگەکانی کۆمەڵگایان بەدەستەوەیە؛ بەمەش زۆرترین رۆڵی کاریگەر دەگێڕن لە بوارە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگا، کاریگەریان هەیە لەسەر دروستکردنی ڕای گشتی و ئاراستەکردنی هاوڵاتیان لە پرۆسەی گەشەپێدانی کۆمەڵایەتیدا.

**1-3- کاریگەری دەستەبژێری سیاسی لە پرۆسەی گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی:**

ئەرکی دەستەبژێری سیاسی جیاوازە لە ئەرکی تەواوی جۆرەکانیتری دەستەبژێر، هەڵدستێت بە ئەرکی گونجاندن و ڕێکخستنی چالاکییەکانی دامەزراوە و بونیادە جۆراوجۆرەکانی نێو کۆمەڵگا لە چوارچێوەی دەوڵەتدا. دەستەبژێری سیاسی بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی هەڵدەستێت بە هەوڵدان بۆ کاریگەری خستنە سەر هاوڵاتیان بۆ گۆڕانی واقعی کۆمەڵایەتی گشتی بەو شێوەیەی لەگەڵ بەرژەوەندییەکانیدا دەگونجێت، ئەمەش لەڕێگەی کۆمەڵێك ئامرازی جۆراوجۆر وەك دەزگاکانی ڕاگەیاندن و دامەزراوە پەروەردەیی و ئاینی و خزمەتگوزاری و سەربازیی و...هتد. هەروەها بۆ پارێزگاری لە پرۆسەی پاراستنی هاوسەنگی کۆمەڵایەتی، گۆڕانکاری لە خودی خۆیدا ئەنجامدەدات، ئەمەش بە یەکگرتنی یاخود گۆڕانکاری تەواوەتی لە ئەندامانی ئەم توێژە(دەستەبژێری سیاسی)، بەمەش گۆرانکاری لە بونیادی دامەزراوەکانی کۆمەڵگادا ڕوودەدات، دواجار پرۆسەی گەشەپێدانی گشتگیر ڕوودەدات.(المجمعی2009، ص.١٣٥).

ئەو دەستەبژێرانەی لە ناوەندەکانی دەسەڵاتن لەوە تێگەیشتوون کە لەو ناوەندانەی بڕیار بە شێوەیەمی ناسەقامگیرن، هەر بۆیە ڕێز و گرنگی دەدەن بە توێژە بەرهەڵستکارەکانیان، چونکە ڕۆژانێك ئەوانیش لەهەمان توێژ بوون و دەکرێت ڕۆژێك لەرۆژان بگەڕێنەوە هەمان بەرە، لەم ڕوانگەیەوە نوێبوونەوە و گۆرانکاری لەم توێژەی دەستەبژێر کارێکی پێویستە، چونکە وەك ئاماژەمان پێکرد ئەم توێژە زۆرترین کاریگەرییان هەیە بەسەر گۆمەڵگاوە، بۆیە گۆرانی کۆمەڵایەتی و نوێبوونەوە لەم توێژە پێویستییەکی گرنگە لە پرۆسەی گەشەپیدانی کۆمەڵایەتیی.

بەڵام ئەم پرۆسەیە بەپێی جۆری سیستەمی سیاسی لە کۆمەڵگاکاندا دەگۆڕێت، چونکە کاتێك سیستەمی سیاسی(دەسەڵات)، سیستەمیکی دیکتاتۆری بێت ئەم گۆڕانکارییە زۆر بە ئاستەم ڕوودەدات، بەڵام کاتێك سیستەمی سیاسی و دەسەڵاتی کۆمەڵگا، سیستەمێکی دیموکراتی بێت، ئاسانتر دەگونجێت و ڕوودەدات.(لكريني 2008، ئینترنیت)

ئەرکەکانی دەستەبژێری سیاسی بەشیوەیەکی گشتی، کە رۆڵیان هەیە لە پرۆسەی گەشەپیدانی کۆمەڵایەتی بریتیین لە:

1- بەشداریکردن لە پرۆسەی گۆڕانی کۆمەڵایەتی.(بەشدارییەکەیان دەشیت ئەرێنی یان نەرێنی بێت)

2- توانای دروستکردنی بڕیارە چارەنوسسازەکان.

3- ئاراستەکردنی هاوڵاتیان بەرەو ئەو بەها کۆمەڵایەتییانەی کە باوەڕی پێیان هەیە.

4- پێکهێنانی ئەندامانی و پاڵپشتیکردنیان بۆ گرتنەدەستی پۆستە گرنگەکان لە نێو جومگە هەستیارەکانی کۆمەڵگا.

5- توانای ئاراستەکردنی بەشداریکردن لە ئاراستەکردنی چالاکییە بازرگانییەکان لەڕێگای کۆنترۆڵکردنی هۆکارەکانی بەرهەمهێنان.

6- کاریگەریخستنەسەر بیرۆباوەڕەکان لەڕێگای بانگخوازان و دەستەبژێری ئاینییەوە.(الشيمی، 2016).

**4- ئەنجام و راسپاردە و پێشنیارەکانی توێژینەوە:**

**1-4- ئەنجام:**

1- دەستەبژێران، رۆڵ و پێگەیەکی بەهێزیان بەدەست هیناوە لە کۆمەڵگادا، ئەمەش بەهۆی توانا و لێهاتویی خودی، یاخود بەهۆی خێزان و بنەماڵەکانیان، بەجۆرێك کاریگەرییەکی گەورەیان هەیەی لەسەر ئاراستەکردنی کۆمەڵگا.

2- دەستەبژێری سیاسی دەستیان گرتووە بەسەر، جومگە هەستیار و گرنگەکانی ئەو کۆمەڵگایەی کە تێایدا دەژین؛ بەپێی ئەو هێز و دەسەڵات و توانایەی کە پۆستە حکومی و سیاسییەکان بۆیان فەراهەم کردووە، ڕۆڵێکی بەرچاویان هەیە لە پرۆسەی گەشەپیدانی کۆمەڵایەتیدا.

3- گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی، پرۆسەیەکی هەمەلایەنەی بەرنامە بۆ داڕێژا و درێژخایەنە، هەوڵدەدرێت لەڕێگای وەبەرهێنانی توانا ماددی و مەعنەوی و سروشتییەکانی کۆمەلگا، کاربکریت بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی ئەندامانی کۆمەڵگا، بەمەبەستی پێشخستنی کۆمەڵگا لە بوارە جۆراوجۆرەکاندا. لەم پرۆسەیەشدا دەستەبژێری سیاسی کۆمەڵکا رۆڵێکی گرنگ دەبینیت.

4- دەکرێت چەندین جۆری جیاواز لە دەستەبژێران دیاری بکەین، بەپێی جۆری چالاکی کۆمەڵایەتی هەریەکەیان رۆڵی سەرکردایەتی خۆی دەگێڕێت لە بواری پسپۆڕی و کاری خۆیان. بەلام دەکرێت بەشێوەیەکی گشتی دابەشی دوو جۆریان بکەین ئەوانیش دەستەبژێری دەسەلاتدا و دەستەبژێری دەرەوەی دەسەڵات.

5- لە کۆمەڵگای کوردیدا، وەك زۆریك لە کۆمەلگا ناسەقامگیرەکانیتر، تێکەڵاوییەکی ئاڵۆز لە پێکهاتەی کۆمەڵگادا بە دی دەکرێت؛ قوناغەکانی گەشەی کۆمەڵایەتی لیکتر ئالاون و سنووریکی جیاکەرەوە لە نیوانیاندا بە ئاشکرا نابینریت.

6- کۆمەڵگای کوردی، وەکو کۆمەڵگاکانیتر خاوەنی توێژێکە کە دەکرێت بە توێژی دەستەبژێری سیاسی ناوزەند بکرێت، ئەمر گروپە کاریگەرییان هەبووە لە ئاراستەکردنی بیر و هزری سیاسی و کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگای کوردیدا .

7- شیوازەی پێکهاتەی بونیادی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگای کوردی، بۆتە هۆی ئەوەی کە ئینتیما و هاو سۆزی بۆ خیڵ و عەشیرەت و ناوەچەکە، زیاتر بێت لە ئینتیمای نیشتیمانی. بەمەش دەسەڵاتی کوردی بەدریژایی میژوو، لە هەر شوێنێك دەسەڵاتی هەبووبێت دەسەڵاتە کە لەبەرگی خێڵایەتیدا بووە؛ هەربۆیە دەستەبژێری سیاسی کوردیش لە سەرۆك خێڵ و عەشیرەت و ناچەکاندا پێکهاتوون.

8- گۆرانی کۆمەڵایەتی لە توێژی دەستەبژێری سیاسی کوردی بەشێوەیەکی بەرچاو ڕوونەداوە، چونکە کاتێك پێکهاتەی دەسەڵات لە بەرگی خێڵایەتیدا دەبێت، پەیوەندی خزمایەتی و میراتگری و ناوچەگەری ئامرازێکە بۆ گەیشتن بە چینی دەستەبژێر ی سیاسی نەوەك توانا و لێهاتویی خود.

**2-4- پێشنیارەکانی توێژینەوە:**

1- گرنگیدان بە زیاتر لێك نزیك بوونەوەی توێژی دەستەبژێرانی سیاسی و توژەکانیتری کۆمەڵگا، بەمەبەستی زیاتر ئاگاداربوون لە بارودۆخی کۆمەڵایەتی و بەشداریکردنێکی کارا لە پرۆسەی گەشەپێدانی کۆمەڵگا.

2- گرنگیدان بەو دامەزراوانەی رۆڵێکی گرنگیان هەیە لە بونیادنانی دەستەبژێر و بەتایبەتیش دەستەبژێری سیاسی، وەك دامەزراوە پەروەردەییەکان، دامەزراوە سیاسییەکان، دامەزراوە ئاینییەکان...هتد. بەمەبەستی بونیاتانی دەستەبژێرێکی بەتوانا و لێهاتوو کە کاریگەرییەکای ئەرێنیان هەبێت لە پرۆسەی گەشەپێدانی لە داهاتوودا.

3- پێویستە دەستەبژێرانی سیاسی زیاتر رۆڵببینن لە بڵاوکردنەوەی هۆشیاری کۆمەڵایەتی و بەهێزکردنی ئینتیمای نەتەوەیی و بەشدارییەکی کاراتریان هبێت لە پرۆسەی بەدامەزراوەییکردنی کۆمەڵگا بەمەش رۆڵێکی زیاتریاندەبێت بە ئاراستەیەکی ئەرێنی لە پرۆسەی گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی.

4- دەستەبژێری سیاسی  بەتایبەتی لە کۆمەڵگای کوردیدا، رۆڵێکی بەرچاویان هەبێت لە پرۆسیەی بەدیموکراتیکردنی کۆمەڵگا و بڵاوکردنەوەی هزری ئازادی و مافەکانی مرۆڤ؛ بەمەش یەکێك لە سەرەکیترین بنەماکانی پرۆسەی گەشەپیدانی کۆمەڵایەتی بەدیدێت لە کۆمەڵگادا.

5- بەوپێیەی دەستەبژێری سیاسی رۆڵێکی بەرچاویان هەیە لە داڕشتنی سیاسەتی گشتی کۆمەڵگا، بۆیە پێویستە زیاتر پشت بە لەبەرچاوگرتنی بنەمای زانستی و واقعی کۆمەڵایەتی و دورکەوتنەوە لە بەرژەوەندی تایبەتی ببەست لە داڕشتنی سیاسەتی گشتی کۆمەڵگا؛ بەمەش کاراتر دەتوانن پرۆسەی گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی بەرەوپێش ببەن.

6- پیویستە گرنگی زیاتربدرێت بە شێوازی پەیوەندی نێوان دەستەبژێرانی سیاسی لە کۆمەڵگادا؛ چونکە سروشتی پەیوەندی نێوان دەستەبژێران، کاریگەرییەکی گەورەی هەیە لەسەر توانای بەجێگەیاندنی ئەرکی سەرشانیان، زیاتر دەرخستنی رۆڵ و کاریگەرییان، لە ئاراستەکردنی کۆمەڵگا بەشێوەیەکی تەندروست و ئەرێنی لە پێناوی بەرژەوەندی گشتی؛ کە دەرەنجامر پرۆسەی گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی لە بوارە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگا زیاتر بەرەوپێش دەچێت.

**3-4- ڕاسپاردەکانی تویژینەوە:**

1- گرنگیدان بە ئەنجامدانی توێژینەوەی زیاتر، سەبارەت بە چییەتی و چۆنیەتی دەستەبژێری سیاسی، بەتایبەتی لە کۆمەڵگای کوردیدا.

2- ئەنجامدانی توێژینەوەی زانستی زیاتر، سەبارەت بە جۆرەکانیتری دەستەبژێر لە کۆمەڵگای کورد.

3- کارکردن لە بواری تویژینەوەی ئەو ئامرازانەیتر کە فاکتەرێکی بەهێزن لە پرۆسەی  گەشەپێدانی کۆمەڵایەتیدا.

4- گرنگیدان بە شێوازەکانی ململانێی دەستەبژێر بەگشتی و دەستەبژێری سیاسی لە کۆمەڵگا بەگشتی و کۆمەڵگای کوردی بەتایبەتی.

**لیستی سەرچاوەکان**

**1- کتێبەکان: (الکتابات)**

1- ئامیدیان، فەخرەدین(٢٠١٣)، **فەرهەنگی شیکاری زاراوەکانی کۆمەڵناسی**، ناوەندی بڵاوکردنەوە: سنە.

2- ئەلحەسەن، د.ئیحسان محمد،(2012)، **ئینسایکلۆپیدیای کۆمەڵناسی**، و: دانا مەلا حەسەن، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەمر، سلێمانی.

3- ئەلحەسەن، د.ئیحسان محمد،(2012)، **تیۆرە کۆمەلایەتیە پێشەکەوتوویەکان**، و: دیدار ئەبوزید، چاپخانەی رۆژهەڵات، هەولێر.

4- ئەبراش،ئیبراهیم(2013)، **میتۆدەکانی توێژینەوە لە کۆمەڵناسی**، و:دیدار ئەبوزێد، چاپخانەی رۆژهەڵات، هەولێر.

5- باتمور، تي.بي(2008)، **ئێلیتەکان و کۆمەڵگا**، و: ناسر ئیبراهیم زادە، دەزگای توێژینەوە و بلأاوكردنەوەی موكریانی، هەولێر.

6- حمداوي، جميل(2015)، **سوسيولوجيا النخب(النخبة المغربية انموذجا)**، حقوق الطبع محفوظة للمؤلف.

7- سەعید، هیوا عەزیز(٢٠١٣)، **رۆشنبیر و گوتاری فکری**، توێژینەوەیەك لە مێژووی فكری هاوچەرخی باشووری كوردستان، گۆڤاری رەهەند وەك نموونە،بەڕێوەبەرایەتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی، سلیمانی.

8- سابیر، ڕەحیم(2005)، **كوردۆلۆژی-لێكۆڵینەوەیەكی سایكۆ سۆسیۆلۆژییە لەمەر كۆمەڵگای كوردی**، چ:2، چاپەمەنی گەنج.

9- سەروەر حەمە(2016)، **رۆڵ و كاریگەری دەستەبژێر لەبەدیهێنانی رۆشنبیری گشتیدا**، ماڵەری پێنوس، بەرواری سەردانكردن (2020/3/17)، http://www.penus.krd/index.php/ckb.

10- شوانی، د.محمد(2015)، **سەرەتایەك بۆ تویژینەوە لە كۆمەڵناسیدا**، چاپخانەی هێڤی، هەولێر.

11- عومەر، دكتۆر مەعەن خەلیل(2012)،**میتۆدەكانی توێژینەوە لە كۆكەڵناسیدا**، و:دكتۆر محمد شوانی، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

12- عیزەت، د.فائیزە محمد(2014)، **ژیانی كۆمەڵایەتی كورد-لەنیوان سەدەكانی(4-9ك/10-15ز)**، و: سەرمەد احمد، چاپخانە:موكریانی، هەولێر.

13- غيث، د.محمد عاطف(1979)، **قاموس علم الاجتماع**، الهيئة المصرية العامة للكتاب.

14- ميشيل، دنكن(1980)، **معجم علم الاجتماع**، ت: د.احسان محمد الحسن، منشورات وزاره الثقافة والاعلام- الجمهورية العراقية، دار الرشيد للنشر.


**1-2- نامەی ماستەرە كوردییەكان:**


1- سابیر، فوئاد سدیق(2011)**، رۆڵی حزبە سیاسییەكانی هەریمی كوردستان لە چالاككردنی كۆمەڵگای كوردی1991-2010**، نامەی ماستەری بلاو نەكراوە، كۆلێژی ئاداب،زانكۆی سەڵاحەدین،هەولێر.

2- شەریف، رۆزە عبدالله(2007)، **ڕەهەندە كۆمەلایەتییەكانی ناسەقامگیری سیاسی لە هەرێمی كوردستانی عێراق**، نامەیەكی ماستەری بلاونەكراوەیە، كولێژی ئاداب، زانكۆی سەڵاحەدین، هەولێر.

3- علی، شەرمین ولی(2016)، **ڕۆڵی زانكۆ تایبەتەكان لە گەشەپیدانی كۆمەڵایەتیدا**، نامەی ماستەری بڵاونەكراوە، كۆلێژی ئەدەبیات، زانكۆی سەڵاحەددین، اربیل.


**2-2- نامەی ماستەر و تیزی دكتۆرا: (رسالة الماجستير و اطروحة الدكتوراة)**


1- البطش، عائيشة خالد عاشور(2016)، **تقييم النخبة السياسية و الاعلامية للخطاب الاعلامى الفلسطينى نحو قضية حصار غزة**، رسالة الماجستير غير منشورة، كلية الاداب، جامعة الاسلامية، غزة.

2- برایم، كاوە عەزیز(2007)، **النخبة و دورها فى نشوء الحضارات و سقوطها عند ارنولد توينبى**. رسالة مجستير غير منشورة، كلية الاداب، جامعة صلاح الدين، اربيل.

3- بعطوش، حاج الطيب و اسماء دهكال(2017)، **دور النخب السياسية في عملية التحول الديمقراطي الجزائر نموذ 1989- 2016**، رسالة الماجستير غير منشورة، كلية الحقوق و العلوم السياسية، جامعة مصطفى اسطمبولي-معسكر، الجزائر.

4- حسين، أرام ابراهيم(2010)، **دور التخطيط فى التنمية الاجتماعية**، اطروحة الدكتورا غير منشورة، كلية الاداب، جامعة صلاح الدين،اربيل.

5- عمر، هیوا علي(٢٠٠٣)، **دور التخطيط الجامعى فى تنمية المجتمع**، رسالة مجستير غير منشورة، كلية الاداب، جامعة صلاح الدين، اربيل.

6- فكرون، عبدالحق(2014)، **ازمة القيادة فى الوطن العربى و اشكالية الصراع بين السياسى و العسكرى**، رسالة دكتوراه فى العلوم السياسية، كلية الحقوق و العلوم السياسية، جامعة محمد خيضر بسكرة، الجزائر.

7- محمد، رحالي(2013)، **النخبة السياسية المحلية و مسألة التنمية**، رسالة الماجستير غير منشورة، كلية الحقوق و العلوم السياسية، جامعة وهران، الجزائر.

8- معقافي، اسامة(2011**)، النخبة الحاكمة و مسار التحول الديموقراطي دراسة حالة تونس(1987-2010)**، مذكرة التخرج لنيل شهادة الماجستير في العلوم السياسية و العلاقات الدولية، كلية العلوم السياسية و الإعلام، قسم العلوم السياسية و العلاقات الدولية، جامعة الجزائر، الجزائر.


**3- گۆڤارەكان: (المجلات)**


1- المجمعى، محمد شطب عيدان، **النخبة السياسية و اثرها في التنمية السياسية**، مجلة جامعة تكريت للغلوم القانونية و السياسية، العدد/4 السنة/1، تكريت. ص132-157.

2- علاق، امينة،2017، **نخبة ام النخب: قراة في المفهوم، الادوار و الاشكاليات**، مجلة علوم الانسانية و الاجتماعية، العدد 28 /مارس 2017، الجزائر.ص 171- 186.


**4- ماڵپەڕە ئەلیكترۆنییەكان: (المواقع الالكترونية)**

1- لكريني،ادريس، 2008، **النخبة السياسية و ازمة الاصلاح في المنطقة العربية**، الحوار المتمدن، www.m.ahewar.org, موعد زيارة الموقع 2020/3/25.

2- **الشيمى، محمد نبيل**، 2016، النخبة وتأثيرها في تكوين واستقرار المجتمعات وتشكيل نسق الحكم والفكر، المركز الديمقراطي العربي، https://democraticac.de، موعد زيارة للموقع 26/3/2020.

**دور النخبة السياسية في تنمية المجتمع**
**بحث نظري في اقليم الكردستان**

**توانا عثمان محمدأمين**
قسم علم الاجتماع- كلية الاداب/ جامعة صلاحالدين- اربيل

**ملخص**

تحتل دراسة النخبة أهمية كبيرة في إطار موضوعات علم الاجتماع السياسي، ذلك لأهمية ما تملكه النخبة من أدوات مؤثرة في تكوين واستقرار المجتمعات وتشكيل نسق الحكم والفكر والتوجه العقيدي ... إلخ. مما لاشك فيه أن النخب السياسية في المجتمعات البشرية، تلعب دورا بارزا في عمليات التغيير نحوة التنميه الاجتماعية بكافة اشكالها، ويقع على عاتقها المسئولية الكبرى في تقدم المجتمع او تقهقره، وبذلك يمكن اعتبارها المساهم الأبرز والأهم في عملية التنمية، التي تتطلب من هذه النخب أن تكون على مستوى عال من المسئولية لقيادة المجتمع؛ الى مايتطلع اليه افراده من تحسين ظروفهم المعيشية ورفع كفاءة العمل والانتاج. أن دور النخب الاستراتيجي يتجسد في صناعة الرأي العام وتوجيهه في عدد من المجالات وقيادة المسيرة المجتمع. يتكون هذا البحث من مقدمة و ثلاثة فصول و خاتمة و كل فصل من هذه الفصول يضم عددا من المباحث. في الفصل الاول، وهو بعنوان ابعاد الدراسة و تحديد المفاهيم، تم في المبحث الاول تحديد مشكلة البحث و اهميتها و اهدافها. اما في المبحث الثاني حدد بحث المفاهيم الرئيسية مثل النخبة و النخبة السياسية و التنمية الاجتماعية. اما في الفصل الثاني تطرق البحث الى الاتجاه الفكري و النوع و نظريات النخبة وهو من خلال ثلاثة مباحث، الاول لشرح الاتجاهات الفكرية حول النخبة و النخبة السياسية، و المبحث الثاني تناول موضوع انواع النخبة المختلفة في المجتمع، و المبحث الثالث قد خصص لتوضيح نظريات النخبة. اما الفصل الثالث و الاخير فقد خصص لتوضيح العلاقة بين النخبة و التنمية الاجتماعية من خلال مبحثين الاول لشرح دور و تاثير النخبة السياسية في عملية التنمية الاجتماعية، و المبحث الثاني لتوضيح النخبة السياسية في المجتمع الكوردي. واخيرا توصل البحث الي مجموعة من النتائج, إن للنخبة السياسية الدور الأبرز في عملية التنمية الاجتماعية, خلال دورها في مؤسسات الدولة وخارجها في إطار المجتمع. إذ تعد هذه النخبة المحرك الأساس, لعمل النظام السياسي وحركة القوى السياسية المختلفة داخل المجتمع.

**الكلمات المفتاحية:** النخبة، النخبة السياسية، التنمية، المجتمع، الدور، الصراع.

**The Role of the Political Elite in the Development of Society**
**A theoretical study in the Kurdistan region**

**Twana Othman Mohamedamen**
College of Art – Department of Sociology / Salahaddin University-Erbil

**Abstract**

The study of the elite occupies great importance in the field of political sociology topics, this is because the elite possesses the influential tools for formation and stability of societies and formation of rolling the system and notion and believe orientation...etc. With no doubt of that, the political elites in human societies play a prominent role in the processes of change towards social development,  in all social forms. And will take high responsibility for leading society or retreatment and therefore it can be considered as the most prominent and the important contributor in social development that required the elite to be in a high level of responsibility to lead the society to what its members aspire to in terms of improving their living conditions and raising the efficiency of work and production. The strategic role of the elites is embodied in making public opinion and directing it in a number of aspects and leading the process. This research consists of an introduction, three chapters, and a conclusion, and each chapter includes a number of topics. In the first chapter, which is titled Dimensions of the Study and Defining Concepts, the first topic problem and the importance of the research were defined, and also its objectives. In the second topic, the main terminology such as the elite, the political elite, and social development was discussed. In the second chapter the search for ideological direction, quality, and the elite theories, this is through three topics, the first explaining the intellectual trend about the elite and the political elite, and the second topic deals with the issue of different types of elites in the society, and the third topic is devoted to clarifying the elite theories. As for the third and final chapter, specified to clarify the relationship between the elite and social development through two topics, the first to explain the role and influence of the political elite in the process of social development, and the second topic to clarify the political elite in Kurdish society. Finally, the research reached a set of results. The political elite has the most prominent role in the process of social development during its role in state institutions and outside it within the framework of society, as this elite is the main engine for the functioning of the political system and the movement of the various political forces within the society.

**Keyword:** Elite, Political elite, Development, The society, Role, Conflicts.